حکومەتی هەرێمی کوردستان_عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی

کۆلێژی یاسا/ بەشی یاسا

# القضاء الولائي

پێشکەش کراوە بە کۆلیژی یاسا کە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی یاسا

لەلایەن قوتابی:

فرمێسك كريم

بەسەرپەرشتی :

أ.محمد أشرف شيخو

2723 کوردی

2023 زایینی

**سوپاس و پێزانین:**

- **سوپاس خودایە بۆ ئەو نیعمەت و لەش ساغییەی پێمانت بەخشیوە.**
- **سوپاس بۆ خانەوادەی ئازیزم بۆ ئەو ماندووبوونەی لەگەڵمن کێشاویانە.**
- **سوپاسی مامۆستای بەڕێز (أ.محمد أشرف شیخو) دەکەم کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆی خۆی و ئەرکی کێشا لە تەواوکردنی.**
- **سوپاس بۆ هەر کەسێك بە ووشەیەکیش بێت هاوکارم بوو بێت لە تەواوکردنی توێژینەوەکە.**

**قوتابی**

## پێشکەشکردن:

- ئەم توێژینەوەیە پێشکەش دەکەم بە خانەوادەی خۆشەویستم.
- پێشکەش بە مامۆستای سەرپەرشتیارم (أ.محمد أشرف شيخو) لەپای ئەو ئەرکەی لەگەڵم کێشاویەتی.
- پێشکەش بە کۆلیژەکەمان.
- پێشکەش بە سەرجەم قوتابیانی بەشەکەمان.

قوتابی

بسم الله الرحمن الرحيم

وَالرَّاسخُونَ فِي العلْمِ يَقُولونَ آمنَّا بِهِ كُلّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا

صدق الله العظيم

سورة آل عمران : الآية 19

## پوخته

فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان شێوازێکن لەو بڕیارانەی کەوا یاسا ڕێگەی داوە بیگرێتەبەر لە بابەتە بەپەلەکان، وە بابەتی سیفەت و سروستی کارگێڕی زیاتر زاڵە بەسەر ئەو بڕیارانە لە سیفەتی دادگایی وە بڕیارێکی کاتیە و دادوەر دەری دەکات لەو بارودۆخانەی کەوا لە یاسادا هاتووە لە بابەتی بەپەلە بەپێی داواکارییەك کەوا پێشکەش دەکرێت لەلایەن یەك لە لایەنە دژەکان وە مەرج نیە لە دەرکردنی ڕووبەڕووی دژەکەی تر بێت.

یاسادانەر ڕێگەی داوە بە دادوەر بە ویلایەی دەرکردنی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان لەپاڵ ویلایەی خۆی لە دەرکردنی حوکمەکان. وە یاسادانەر لەو دادگارییە وەلائیە ئامانجی بەدیهێنانی بابەت و شتێکە کەوا لە ڕێوشوێنەکانی تری داوا ئاساییەکان نیە، وە بە ڕێوشوێنی سادە و ئاسان و خێرایی و تێچووی کەم دەکرێت.

**ووشە سەرەکییەکان:**

ڕێککارەکان، دادگای بەپەلە، فەرمانەکان، داواکاریەکان، یاسای دادبینی، یاسای ناکامەکان.

## Summary

Orders on petitions are a pattern of decisions that the law allows the judiciary to take in urgent cases, and these decisions are more administrative in character than in a judicial character. Issuance is required to take place in the face of the other opponent. The legislator grants the judge the mandate to issue orders on petitions, in addition to his mandate to issue rulings regarding disputes raised to him. The legislator aims for the state judiciary to achieve matters and advantages that are not available in ordinary lawsuit procedures or judgments. It is done with easy and accessible procedures characterized by simplicity, speed and low costs.

# پێرست


| ز | بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | ئایەتی قورئان | أ |
| 2 | سوپاس و پێزانین | ب |
| 3 | پێشکەش کردن | ج |
| 4 | پوختە | د |
| 5 | پێرست | ه |
| 6 | پێشەکی | 2– 1 |
| 7 | باسی یەکەم : ناوەرۆکی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان | 3 |
| 8 | تەوەرەی یەکەم : پێناسە فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان | 9 – 3 |
| 9 | تەوەرەی دووەم : تایبەتمەندیەکانی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان | 12 – 10 |
| 10 | باسی دووەم : رێکارەکانی دەرچواندنی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان و چۆنیەتی تانەلێدان | 13 |
| 11 | تەوەرەی یەکەم: جیاوازی لە نێوان فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان ودادگای ئاسای و بەپەلە | 16 – 13 |
| 12 | تەوەرەی دووەم :رێکارەکانی دەرچواندنی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان و چۆنیەتی تانە لێدان | 19 – 16 |
| 13 | کۆتایی: دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان | 21 – 20 |
| 14 | سەرچاوەکان | 23 – 22 |

# پێشەکی

وەك ئاشكرایە لـە كاتی رودانی كێشە لـە نێوان دوولا یەن یاخود زیاتر ، لایەنەكان پەنادەبەنە بەر دادگا بۆ چارەسەركردنی كێشەكە، و لیرە دا مەبەست لـە دادگای ئاساییە ، كە پارێزراوە لـە لایـەن یاسـادانەر بـە كۆمەلێك دەستەبەری یاسـایی بـۆ دادبـینی راسـت و دروسـت و پرەنسـیپی رووبـە رووبونـەوە لـە نێـوان ركابەرەكان و دەرفەت دان بە هەرلایەنێك لـە لایەنەكانی داوا بەڵگەكانی خۆی پێشكەش بكات بە مەبەستی بەرگری یاخود رەتكردنەوەی داوای داواكاربەلام لیرەدا (قەزای وەلائی) لـەو جۆرە دەستەبەریە دابین ناكات لـەبەر ئەوەی هەر لـە سەرەتاوە فەرمانەكانی سەر كۆنوس (الامر وەلائی) لـە نەبوونی لایەنێك دەردەچـێت وە ئەوەی دادوەری وەلائی و دادوەری بە پەلـە و گـڵدانەوەی یەدەگی كۆ دەكاتەوە هەموویان بریاری كـاتین كە دەردەچن بە مەبەستی دورخستنەوەی مەترسی چاوەروانكراوبە مەرجێك دەسكاری مافی رەسەن نـەكرێت .وە ئەوەی بریارەكانی وەلائی جیادەكاتەوە لـە بریارەكانی تری كاتی ئەوەیە كە بریارەكانی دادگـای وەلائـی زیاتر جۆرەكی ئیداری پێوە دیارە كە لـە لایەن یاسادانەر دارێژراوە بە مەبەستی دەرچواندنی ئەو جۆرە بریارانە بە ئاسانی و خێرای.

## گرنگی توێژینەوە :

لـە گرنگی و بایەخی توێژینەوەكە سەرەنج دەخەینە سەر جۆری كـاری دادوەری ، كـە جیـاوازە لـە كـاری ئاسای خۆی كە كاری دادوەری خاسیەتێكی ئیداری هەیە ئەگەر چی ئەوكارەی چەند تایبەتمەندیەكی كۆیـان دەكاتەوە لـەگەل دادگای ئاسای ە دادگای بەپەلـە بریارەكانیان كاتین و بەپەلـەن و لـو هـەمان كاتـدا چـەند تایبەتمەندیەكی لـە یەك جیایان دەكاتەوە و ئەوەی زیاتر گرنگی بە توێژینەوەكە دەدات كاری دادوەری بە بەش نیە لـەوەی رۆژانە بریار دەر دەكات لـەم جۆرە بریارانە .

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

گرفتەکانی توێژینەوەکە خۆی لە کۆمەڵێك پرسیار دەبینێتەوە دەکرێت بەم شێوەیە خوارەوە بیخەینە روو :

1– فەرمانەکانی سەر کۆنوس چین؟ئایا یاسادانەری عێراقی لە یاسای دادبینی پێناسە کردووە ؟

2– فەرمانەکانی سەر کۆنوس بە چی جیاوازە لە دادگای ئاسای و دادگای بەپەلە؟

3– ئایا تانە دەدرێت لەو جۆرە بریارانە ؟و چۆن؟و ئایا نموونە زیندوو هەیە لە یاسا کانی عێراقی لەم جۆرە بریارانە ؟ و چەند پرسیاری تریش وەلأم دەدرێتەوە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا.

**پەیڕەوی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە متمانەی کردۆتە سەر پەیڕەوێکی وەسفی بە کۆکردنەوەی توێژینەوەی یاسایی و شیکاری و ڕاڤەکردنی دەقە یاساییەکانی کە لە یاسای دادبینی و چەندەها یاسای تری عێراقی وەك یاسای شارستانی و یاسای چاودێری ناکامەکان و یاسای بازرگانی و یاسای باری کەسی هاتوون.

**گریمانەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە لەوەوە دەست پێدەکات تا چەند لەو جۆرە بڕیارانەی کاری دادوەر گونجاون لەگەڵ دابینکردنی دادپەروەری کە یاسادانەر پێویستی کردووە یاخود سەپاندوویەتی لەکاتی هەستانی دادوەر بە کارەکەی.

**پلانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە بەو شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە:

باسی یەکەم : ناوەرۆکی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان

تەوەرەی یەکەم : پێناسە فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان.

تەوەرەی دووەم : تایبەتمەندیەکانی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان.

باسی دووەم : ڕێکارەکانی دەرچواندنی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان و چۆنیەتی تانەلێدان.

تەوەرەی یەکەم: جیاوازی لە نێوان فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان ودادگای ئاسای و بەپەلە .

تەوەرەی دووەم :ڕێکارەکانی دەرچواندنی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان و چۆنیەتی تانە لێدان .

## باسی یەکەم

## ناوەرۆکی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان

مەبەست لەبریارەکانی کاتی دورخستنەوە مەترسیەکی گریمانەی بە بێ ئەوەی باس لە بابەتی داوایەکە بکرێت وە فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان جۆرێکە لە بریارەکانی کاتی [1]

بۆیە ئەم باسی توێژینەوەمان دابەش دەکەین بەسەر دوو تەوەرلە تەوەری یەکەم پێناسە فەرمان لەسەر کۆنوس دەکەن وە لە تەوەری دووەم باس لە تایبەتمەندیەکانی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان دەکەین :

## تەوەرەی یەکەم

بۆمەبەستی لێکۆلینەوە لەم تەوەرە دا دابەشی دەکەین بۆ دوولق:

### لقی یەکەم: پێناسەی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان

بریتیە لە شێوازی ئەو بریارە کە دەردەچێت لەلایەن دادوەرە وە کاتێك کارێکی پێرادەسپێردرێت بە بریارێکی دادگای بەلام خودی کارەکە بریتیە لە بریارەکی ئیداری جیاواز لە دادوەری دەر دەچێت لە لایەن دادوەرەوە بە بێ دانشتنی دادگای یان داوا لە لایەنەکان بکات بە ئامادە بوون لە کاتی دادگایکردن بە مەبەستی پاراستنی مافی لایەنەکان بە بێ ئەوە ی پەیوەست بێت بە خودی مافەکەوە [2] . لە دوای ئەوە ی کە داواکاری یارمەتی دادوەری پێشکەش دەکرێ بە بینینی داوا وە پالپشت دەکرێ بە نەبوونی باری دارای بە بەلگەیەکی فەرمی لە لایەنی پەیوەندی دار ی دادگا بریار دەدات بە دواخستنی وەرگرتنی رسمی داوا تاوەکو ئەنجام داوا دوادەخرێت ئەگەر دادگای ئاماژە پێکرا بروای بە داواکاریە کە هات دادگای پێداچوونەوە فیدرالی سەقام گیربووکەوا ئەم جۆرە بریارانە بە فەرمانەکان لەسەر داواکاریەکان بۆیە شایستەی تانەدان لە

(1) د.ادهم وەهیب نەداوی، قانون مرافعات المدنیه ، الطبعەالاولی،٢٠٢١ز.١٤٤٢،اربیل، ص٣٧٦.

(2)دکتور عصمت عبد المجیدبکر، اصول المرافعات المدنیه، منشورات جامعه جیهان الاهلیه، اربیل ،الطبعه الاولی ، ٢٠١٣، ص٥٧٩ .

رێگە ستەم بینین لە بەردەم هەمان دادگا بە پێ ماددە (١٥٣) یاسا دادبینی عێراقی وە ئەم بریارەکە وا دەردەکرێ بە ئەنجام ستەم بینی شایستە تانە دانە لە رێگە پێداچوونەوە بە پێ ماددە (١\٢١٦)لە یاسای دادبینی عێراقی بەڵام بەپێی یاسای (رسوم عدلی ) (٢\٣٢) ئەم بریارە بە بریارەکی بنبرهەژمار دەکرێ[1]

بۆپاراستنی مافی کەسەکان لە کاتی بە پەلە دا دادوەر بە سیفەتی کارگێری بریاری فەرمانەکان سەر داواکاریەکان ٠ (الاوامر على العرائض) دەردەکات بەبێ ئەوە هیچ شوێنەوارەکی حوکمی یاسای لێ بکەوێتەوە [2]بۆیە بۆمان روون دەبێتەوە ئەو بریارانە دادگا دەری دەکات بۆ پاراستنی مافی لایەنەکان بەلام بە شێوەکی کاتی بۆیە جیاوازی هەیە لە نێوان (القضاء الولائی و القضاء المستعجل )لە بەر ئەوە (القضاء الولائی)کارێکی کارگێریە بەلام (القضاء المستعجل)کارێکی دادوەریە بەلام هەردووکیان کاریکی گرنگ دەکەن هاوشێوە یەك کاری گرنگ دەکەن بریتیە لە لادانی کێشە لەسەر لایەنەکان وە پاراستنی مافیان وە هەروە ها [3]بریارەکی کاتیە کە لە لا یەن دادوەرەوە دەردەچێت کاتێك پەیوەست بێت بە بریارێکی خێرا کە لە لایەن یەکێك لە لایەنەکانی داواکە پێشکەش دادگا دەکرێت وە مەرج نیە لە کاتی دەرچوونی بەرامبەر بە لایەنەکی تر بێت[4]وە لە لایەنەکی تر هەرکەسێك پێ ویستی پێ بێت کە بریارەکی خێرا لە لایەن دادگاوە دەردەچێت تایبەت بە کێشەی خۆی بێت داواکاری پێشکەش بە دادگا بکات داوا بکات کە دادگا بە زوترین کات داواکاریەکە جێ بە جێ بکات واتا ئەو مافە هەیە وە لە داواکاریەکە شی دەتوانێ داوامافەکانی خۆی بکات جگە لەوەش چەند بەلگە یەکی بە کۆنەسەوە بۆ ئەوە داواکاریەکە جێ بە جێ بکرێت هەروەکو لە ماددە (١٥١) هاتوە [5] فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان بریتیە لەو بریارانە کە دەردەچێت لە لایەن دادگاوە لەسەر داواکاری لایەنەکان بۆیە پێیان دەلێن فەرمان لەسەر کۆنوس کێشەئەویش دەگۆرێت بەپێ گۆرانی جۆری کێشەکان وە زۆرجار ئەو بریارانە کە دەردەچن لە لایەن دادگاوە کێش لایە نە کان

---

(1)صادق حیدر، شرح قانون المرافعات المدنیه، مکتبەسنهوری، .بیروت٢٠١٧،ص٢٣٢.
(2) د.ئادەم وەهیب نەداوی،مصدر سابق،ص٣٧٦.
(3)لفته هامل عجیلی ، دراسات فی قانون المرافعات المدنیه ، مکتبەسنهوری، ٢٠١٨، ص٢٥٣ .
(4)د.ایاد عبد الجباری ملوکی ، قانون المرافعات المدنیه، المکتبەالقانون بغداد.، ص١٧٤.
(5)القاضی مدحت المحمود ، شرح قانون المرافعات المدنیه، الطبعه الرابعه،٢٠١١،المکتبەالقانونیه، بغداد.شارع المتنبی ، ص١٧٤ .

یەکلا دەکاتەوە بەلام ئەگەر فەرمانەکان لەرێگە کۆنوسەوە راستەوخۆیەکلا نابێتەوە بەلکوبریتیە لە داواکاری لایەنەکان بۆ یەکلاکردنەوە داواکە بۆیە دادگا ناچاری لایەنە کان دە کات کە بگەرێتەوە بۆ دادگا بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی داواکاریەکان [1]وەهەروهالە مادده (٢٠٠)لەیاسای رێکاری شارستانی لەیاسای ژمارە (٣٥)بۆسالی١٩٧٧پێناسەی کردووەکەوا بریتییەلە(بریارەکی کاتی کە دەردەکریٚ لە لایەن دادوەر لەو حالەتانەی کە دەقی یاسای لەسەر هاتووە لە بابەتێکی خێرا لەسەر داواکاریەك کە پێشکەش دەکریٚ بۆ دادوەر لە لایەن یەکێك لە لایەنەکان وە مەرج نیە ئەو جۆرە بریارە دەربکرێت بەرامبەر لایەنی تر )[2] .

## لقی دووەم: جۆرەکانی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان لە یاسای عێراقی دا

### یەکەم \فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان لە یاسا شارستانی

### یەکەم \ أ .دەسەلاتبەندکردن لەسەر (سفیە)وە لەسەر (ذي الغفلە)

السفیە \بریتیە لەو کەسانەی کەوا پارەومالی خۆیان سەرف دەکەن بە بیٚ ئاگاداری و هەدەری دەکات وە ونی دەکات ئەوکاتە دادوەر دەتوانیٚ حجری بکات و حجرەکەش هەلناگرێت بە بیٚ بریاری دادگا وە ئەم بریارەکە دادگا دەری دەکات بەبریارێریٚکی ولائی هەژمار دەکرێت .
ذي الغفلە\ بریتیە لەو کەسانەی کە هەست بە کارەکانی ناکات لە پێدان و وەرگرتنی بەرامبەر کەسانی تر هەروەها خودی خۆشی بەرێوە نابات واتە خراپ هەلسوکەوت کردن بەرامبەر کەسانی تر هەروەکو لە مادده (٩٥) لە یاسا شارستانی عێراقی دا هاتووە( دادگادەست بلاو ونەفام دەستەبەند دەکات و دەستەبەندکردنەکە بلأودەکاتەوە بە رێگە بڕیار لێدراوەکان بۆیە دادگا بریاردەدات بە حجر خستنە سەری وە ئەم بریارە بە بڕیارێکی وەلائی هەژمار دەکرێت[3]

(1) صادق حيدر ، مصدر سابق، ص٤٢٧.
(2)ضۆا صلاح، مشروع قانون الاجراءات المدنيه في النظام القانوني،رقم(٣٥) لسنه١٩٧٧.
(3)د.عصمت عبدالمجيد بكر، مصدرسابق، ص٥٨٠.

ب/ڕێگادان بە منداڵ بۆ ئەوە بەشێك لە پارە بدات بە بازرگانی کە تەمەنی زیاترلە١٥سال بێت ئەگەر زانرا کەسێکی شایستەیە لەرێگای دادگاوە داوادەکرێت بۆ مۆڵەت دانی بە کاری بازرگانی وە ئەو بریارە کە لە لایەن دادگاوە دەردەچێت بە بریارێکی ولائی هەژمار دەکرێت هەروەکو لە مادده ١\٩٨ لە یاسا شارستانی عێراقی هاتووە کەوا ( سەرپەرشتیار بە مۆڵەتی دادگا بۆی هەیە بڕێك لە سامانەکەی

رادەستی بچووکی جیانەکار بکات ئەگەر تەمەنی ١٥سالی تەواوکردبێت وڕێگەی بدات بۆ بازرگانی کردن بۆ تاقیکردنەوەی و ،ڕێگەپێدانەکە ڕەها یان سنوردار دەبێت ) (1) .

ج/جێ بە جێ کردنی پابەند بوون لەسەر بژێوی قەرزدار (نفقه مدين)ئەگەر شوێنی پابەندبوون ئەنجامدانی کارێك بوو ئەگەر قەرزدار پابەند بوونی خۆی جێ بەجێ نەکرد وە لە هەمان کات بوونی قەرزدار بۆ ئەنجام دانی ئەم پابەند بوونە پێویست نەبوو، بۆ خاوەن قەرزهەیە مۆڵەت لە دادگا وەرگرێت بۆ جێ بەجێ

کردنی پابەند بوونەکە لەسەر بژێوی قەرزدار ئەگەر ئەگەری جێ بە جێ بوونی هەبوو (ئەگەرممکن بوو)

ئەم مۆڵەتە کە وادەر دەچێ لە دادگا بە بریارێکی ولائی هەژمار دەکرێت (م٢٥٠/١) (2)

**دووەم: فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان لە یاسا دادبینی شارستانی عێراقی دا :**

لە مادە (231) لە یاسای دادبینیە شارستانیەکان هاتووە کە : (1- بۆ هەر خاوەن قەرزێك هەیە کە قەواڵەیەکی فەرمی یان ئاسایی بەدەستەوە بێت بە قەرزێکی دیار کە شایستەی دانەوە بێت و نەبەستراببێتەوە بە مەرجێك فەرمانێك دەربکات لە دادگا بە دانانی گلدانەوەی یەدەگی لەسەر سامانی گوێزراو و نەگوێزراوەی قەرزدارەکەی کە لەلایەی خۆیەتی یان لەلای کەسی سێیەمە بە ئەندازەی ئەوەی بەشی دانەوەی قەرز و پاشکۆکانی دەکات. 2- دەکرێت داوای گلدانەوە بکرێت هەرچەندە ئەگەر قەواڵەیەك نەبێت ئەگەر خاوەن قەرز پەڕاوگەلێکی تری پێشکەش کرد کە دانپێدانانی بە نووسین لەخۆ بگرێت و دادگا پێی وابێت

(1) القانون المدني العراقي رقم٤٠سالی ١٩٥١هەموارکراو
(2) القانون المدني العراقي.

گونجاون بۆ ئەمە. 3– ئەگەر دادخوازیەکە لەوانەبێت کە دەکرێت بە گەواهیدان بسەلمێندرێت دەکرێت پشت ببەسترێت بە گەواهیدان لە داواکردنی گلدانەوە.)[1].

بە هەمان شێوە لە مادە (232)ی هەمان یاسادا هاتووە کە : (هەر کەسێك بانگەشەی مافێکی ماڵینە یان مافی دەستدارلای کردنی گوێزراو یان نەگوێزراو بکات بۆی هەیە داوای گلدانەوەی یەدەگی بکات بەو مەرجانەی لە مادەی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کراوە لەسەر هەمان گوێزراوە یان نەگوێزراوە کە ناکۆکی لەسەرە هەرچەندە ئەگەر لە دەستی کەسی سێیەم بێت کە لە دەرەوەی گلدانەوەیە[2].

**سێیەم :فەرمانەکانی سەرداواکاریەکان لە یاسا باری کەسی :**

1. رێگەپێدان بە زەواجی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی دەروونیان هەیە . دادوەر مافی هەیە رێگا بە زەواجی ئەو کەسانە بدات کە نەخۆشی دەروونیان هەیە بە مەرجی خۆی ئەم رێگە پێدانەی دادوەر بە بریارێکی ولائی هەژمار دەکرێت هەروەکوهاتووە لە مادده (١٢ ) [3]
2. رێگەپێدان بە زەواجی ئەوانە ی تەمەنی(١٥ ) سالیان تەواو کردووە ئەم بریارە بە بریارێکی ولائی هەژمار دەکرێت هەروەکو هاتووە لە مادده (٨) [4]
3. رێگە پێدان بە بژێوی کاتی بۆ ژن . بۆ دادوەری باری کەسی مافی پێدراوە کەوا رێگەپێدان بە براندنەوە بژێوی کاتی بۆ ژن تاوەکو داوا بژێوی بەردەوام یەکلا دەبێتەوە ئەم رێگە پێدانە بە بریارێکی ولائی هەژمار دەکرێت [5]
4. رێگەپێدان بە هێنانی خێزانی دووەم . هەروەکو هاتووە لە مادده ١٨٨ لە یاسا باری کەسی وە ئەو بریارە کە دادوەر دەری دەکات بە بریارێکی ولائی هەژمار دەکرێت . [6]

(1) یاسای دادبینی شارستانی عێراقی ژمارە٨٣سالی١٩٦٩.
(2) یاسای دادبینی شارستانی عێراقی ژمارە٨٣سالی١٩٦٩.
(3) یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە ٨٨سالی ١٩٥٩ .
(4) یاسای باری کەسی عێراقی .
(5) یاسای باری کەسی عێراقی.
(6) د.عصمت عبدالمجیدبکر ، مصدر سابق ، ص٥٨٣.

5. بەلگەنامەی شەرعیەکان وەکو ( وەکو بەلگە نامەی گـۆرینی اوقـاف وە بەلگـە نامـە رێپێـدان بـە دابەشکردن وە ئەو بەلگەنامە لەسەر راپۆرتی پزیشکی دەردەکرێت بۆ دلنیـابوونی حالـەتی شـێت بوون وە حالەتەکانی تێکچوونی مێشکی مرۆڤ)

6. دەرکردنی دابەشکردنی شرعی .یەکێکە لە بریارەکانی ولائی ،وە لە بریاری دادگای پێداچـوونەوە فیدرالی هاتووە کەوا رەتکردنەوەی دادگا داواکاری ئافرەتێکی عێراقی بۆدەرکردنی قسـام شـرعی بۆ کەسێکی رەگەزنامە (مصریە)بریارەکی ناراست ونادروست لەبەر ئەوە لە مادده (٥/١٩)لە یاسا شارستانی عێراقی دا هاتووە ئەگەر یەکێك لە لایەنەکانی گرێبەستەکە عێراقی بوو لـە کـاتی ئـەنجام دانی گرێبەستەکە ئەم گرێبەستە ملکەچ دەبێ بۆ یاسای عێراقی[2].

**چوارەم :فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان لە یاسا چاودێری ناکامە کان .**

1. راگرتنی سەرپەرشتی کردن .

مادده(٣٣)دادگا بڕیاری راگرتنی سەرپەرشتیاری ئەدات هەر کاتێك سەرپەرشـتیاربە پێـوار دانـدرا یاخود حوکمی لەسەر بدرێت بە سزای کۆتکردنی ئازادی بۆ ماوەی زیاتر لە سالێك [2]

2. پێسپێری بۆ فەرمانگەکانی چاودێری ناکامەکان.

لەمادده (٣٤)هاتووە پێسپێر ئەو کەسەیە کە باوك هەلێدەبژێرێ بۆ چاودێری کردنی کاروبـاری منـاڵە بچوکە کەی یاخود کۆرپەلە دواتر ئەوەی دادگا دایدەنێت بـەلام دەبێـت دایـك پـێش بخرێـت لەسـەر ئەوانەی تر بە گوێرەی بەرژەوەندی بچوك و ئەگەر هیچ یەکێکیان نەبوون ئەوە راسپێری بۆ فەرمانگـەی چاودێری ناکامەکان دەبێت تاکودادگا راسپێرێك دادەنێت .[3]

(1) یاسای باری کەسی عێراقی .
(2) یاسای چاودێری ناکامەکان ژمارە(٧٨)ی سالی(١٩٨٠)هەموارکراو .

(3) یاسای چاودێری ناکامەکان .

3. **دانانی وەصی لەسەر کۆرپەلە. ئەویش کاتێك بـاوك دەمرێـت دەتوانرێـت وەصـی بـۆ منداڵـەکان دابنرێت دانانی هەروەکولە مادده(٣٦)هاتووەئەم وەصیه بە بریاری دادگـا دەبێـی ئـەم بریـارە بـە بریارێکی ولائی هەژمار دەکرێت** 1

4. **دەستنیشانکردنی سەرکار بۆ پێوار و بزربوو.**

**ئەگەرهاتووپێوار یاخود بزربوو بریکاری نەبووادادگا سەرکارێکی بۆ دیاری دەکات.**[2]

**پێنجەم . فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان لە یاسا بازرگانی .**

**ئەو فەرمانانەی کەوا لە یاسای بازرگانی داهاتوون ئەمانەی خوارەوەن.**

1. **وەرگرتنی مۆڵەت بۆ کردنەوە قاصە وە دەرهێنانی ئەو پێداویستیانە تیایدا هاتوە ئەگەر هاتو بە کرێ گرتووە ئامادە نەبوو هەروەکو لە مادده (٢٥٣)وەرگرتنی ئەم مۆڵەتە بە بریاری دادگـا دەبێـت وە ئەم بریارە بریەرێکی ولائی هەژمار دەکرێت .**[3]
2. **وەرگرتنی مۆڵەت بۆ کردنەوە قاصە و دەرهێنانی پێداویستیەکان تیایدا ئەگەر هاتوو بە کرێ گرتوو کرێ نەداوە لە کاتی خۆیـدا مـادده (١\٢٥٤) بـەبریاری دادگـا دەبێـت ئـەم بریـارە دادگـا کـە دەردەچێت بریارێکی ولائیە .**[4]
3. **دانانی گلدانەوەی یەدەگی لەسەر قاصە مادده (٢٥٦)**[5]

## تەوەرەی دووەم

## تایبەتمەندیەکانی فەرمانەکانی سەرداواکاریەکان

(1) یاسای چاودێری ناکامەکان.
(2) یاسای چاودێری ناکامەکان .
(3)یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە(٣٠)سالی ١٩٨٤ .
(4) یاسای بازرگانی عێراقی.
(5) یاسای بازرگانی عێراقی.

فەرمانەکانی سەرداواکاریەکان چەند تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە کە پیٚ دەناسریٚتەوە کە جیا دەکاتەوە لــە داوای ئاسای بۆیە لەو تەوەرە چەند تایبەتمەندیەکی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان دەخەینە روو بە کورتی:

1. بریاری ولائی کێشەکان یەکلای ناکاتەوە .

بریاردان لەسەر داواکاری لە فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان کێشەکە یـەکلای ناکاتـەوە لەبەرئـەوەی ناچێتە چوارچێوەی دادبینی بەلکو تـەنها رێگـە پێدانـە بـە داواکـار کـە رێکـارێکی یاسـای دیـاریکراو وەربگرێت کە یاسا بۆی دیاری کردووە[1]

2. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی تری بریاری فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان . سود وەرگرتنە لە کات بە مەرجێك کاریگەری نەبێت لەسەر مافـە رەسـەنەکە . لەبـەر ئـەوە بریـارەکی کاتیـە دادوەر دەری دەکات بە گوێرە ئەم حالەتانە کە لە یاسا دا هاتووە لە فەرمانەکی بە پەلە لەسەر داواکاری لایەنێك وە مەرج نیە لە کاتی دەرکردنی بریارەکە رووبەرووی لایەنێکی تر بێت[2]
3. فەرمانەکانی سەر کۆنوسەکان لە کاتی تانە لێدان ناچێتە ژێرباری ئەو رێگا تانانەی کـە یاسـا کـان دیاریان کردووە لە رێگە تانە لێدان لە حوکم دادوەری دروست ناکات لەبەر ئەوەی تانە لێدان لە بریاری فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان بە رێگەی (التظلم) ستەم بـینی وەك لــە مـادە (١٥٣/١)دا هاتووە 3
4. فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان رکابەری دادوەری درەست ناکـات رکابـەری دادوەری دروسـت دەبیٚ بە ئاگادار کردنەوەی یاخود راگەیاندنی داوالێکراو بە داوا لە لایەن داواکار [4]
5. نەبوونی دژایەتی فەرمانەکانی سەر کۆنوس دژایەتی دروست ناکات وە بریار دەردەچێت بە بیٚ بونی رکابەری لەبەر ئەوە دەردەچێت ئینجا لایەنەکەی تری ئاگادار دەکرێتەوە بە بیٚ ئەوەی بچێتە ناو بابەتی کێشەکە .[4]

(1)صادق حيدر،مصدر سابق، ص٢٣٢.
(2)عماد حسن سلمان ، شرح قانون المرافعات المدنيه، مكتبه السنهوری، بيروت، ٢٠١٩ ، ص٣١١ .
(3) قانون المرافعات المدنيه، العراق.
(4)قاضی مدحت محمود،مصدرسابق، ص١٩٦

6. لــه رووی ڕێکاریــەوە فەرمانــەکانی ســەر داواکاریــەکان ســادەو خێــران وەتێچــوو یــان کەمــە وە ڕێکارەکانی نزیکترن لە ڕێکاری ئیداری وە دەسەلات دادوەرزیاتر کراوەیە وەك لە داوای ئاسایی[1]

.

بڕیارەکانی (القضاء الولائی)وەك بەلگە نامە بەکارنایەت لەسەر بابەتی کێشە .

ناکرێت بڕیار دەربچێت بە فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان بۆ داواکار وە بەکاری بهێنێت لەسەر بابەتی رەسەنی کێشەکە بەلکو تەنها بەلگە یەکە پەیوەندی بە بڕیاری سەر کۆنوس هەیە ،لەبەر ئەوە کاتێك بڕیارەکە (التظلم)دەکرێتەوە وە رد دەکرێتەوە التظلم کە وە دادگای پێداچوونەوە پەسەندی ئەو رد کردنەوە دەکات ئەو بڕیارە نابێتە ڕێگر کە ئەو لایەنەی (التظلم)ەکە رەت کراوە وەتەوە داوایەکی سەربەخۆ بنوسێت کە دادگای تایبەتمەند سەبارەت بە کێشە رەسەنەکە[2]

7. دەسکاری نەکردنی مافە رەسەن کاتێــك لایــەنێك داواکــاری پێشــکەش بــە دادگــا دەکــات بــە ڕێگــای فەرمانەکانی سەر داواکاری نابێت داواکاریەکە بە هیچ شێوەیەك ناوەرۆکی کێشەکە بگۆڕێــت ، لــە حالــەتــە لەسەر دادوەرەکە یە داواکاریەکە رد بکاتەوە لەبــەر ئــەوە ی دەســکاری کردنــی نــاوەرۆکی بابەتەکــە لــە تایبەتماندی قەزای ئاسایە[3]

وەهەروەها لە یەکێك لە بڕیارەکانی دادگا پاش وردبینی و گفتو گۆ بە دیار کەوت کە ماددە (١٥١)لە یاسای دادبینی شارستانی تایبەت بە فەرمانەکانی وەلائی کە دەلیٚ (ئەو کەسەی کە مــافی بــە دەســت هێنــانی بــڕیاری دادگای هەیە بۆ هەڵس و کەوت کردنی کارێکی دیاری کراو بــە پــیٚ یاســا بــۆی هەیــە داوا لــە دادگای تایبەتمەند بکات بۆ دەرچواندنی ئەو فەرمانە لە حالـەتی بە پەلە بە پێشکەش کردنــی عەریزەیــەك بــۆ بەردەم دادوەری تایبەتمەند لە دەقی مادەی ئاماژە پێکراو بۆ مان بە دیار دەکەوێت بۆ دەرچونی بڕیارەکانی

---

(1) د.شعبان عبدالحكيم عبدالعليم سلامه ، سلطه القاظى الادارى فى اصدار الاوامر على عرائض، بحث منشورفى مجله كليه الشريعيه القانونبتفهمنا الاشراف،دقهليه،المجله٢٢،العدد٤،ص ٢٩٦٨.
(2)عبدالرحمن العلام، شرح قانون مرافعات المدنيه، الجزءالثالث،الطبعه الثانيه،٢٠٠٩،ص٤ .
(3) د.عماد حسن سلمان،مصدرسابق ، ص٣٢١.
(4)د. عماد حسن سلمان ،مصدر سابق ، ص٣١٦ .

فەرمانەکانی سەر کۆنوس (اوامر علی عرائض)پێویست دەکات دوو(رکن ) هەبێت ، یەکــەمیان حالــەتی بــە پەلە دوومیان بونی دەقێکی یاسای کە ڕێگە بە دادگا بدات بۆ دەرچواندنی فەرمانەکـە و دوای وردبـینی لــە بابەتی کێشەکە لە ژێر ڕۆشنای مادە(١٥١)ی ئاماژە پێکراو بە دیارکەوت دادگای باری کەسـی شارسـتانی بڕیاری تانە لێدراوی پێچەوانەی پێدراوە ئەو ماددە وەرگرتوە لەبەر نە بونی هیچ دەقێکی یاسای ڕێگە پێدراو نیە بۆ دەرچواندنی ئەو بڕیارە ، بۆیە ئەو بڕیارە ناکەوێتە چوارچێوەی فەرمانەکانی سەر کۆنوس وە هــەروەها پەسەند کراو نیە تانە لێدان بە ڕێگای پێداچونەوە (تمیز) بە گوێرە مادە٢١٦ لە سای باری شارستانی ، بۆیــە بڕیار درا بە ڕەتکردنەوەی لائحە ی پێداچوو لە ئەستۆ گرتنی تێچوی پێداچوونەوەکە و بڕیارەکـە بـە کـۆی دەنگ دەکرا.[1]

## باسی دووەم

## ڕێکارەکانی دەرچواندنی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان و چۆنیەتی تانە لێدان لێدان

بۆ دەرچواندنی فەرمانەکان لەسەر داواکاریەکان پێویستە ڕەچاوی ڕێکار و ڕێشوێنەکانی دەرچواندنیان بکرێت بەلام پێش باسکردنی ئەم ڕێکارانە پێویستە ئێمە تیشك بخرێتە سەر جیاوازی لــە نێـوان فەرمانــەکان لەسەر کۆنوس یان دادوەری ئاسای (قضاء موضوع) وە دادگای بە پەلە بۆیە ئەم باسـە دابەشـی دوو تـەوەر دەکەین بەم شێوەی خوارەوە :

(1) للمزيد من الفاصل حول هذه القرارات انظر رقم الاضبارە:١١٠١/مدنيەثانيه عقار/٧٢ تاريخ القرار ٩٧٢/٨/٤ اشار اليه.عبدالرحمن العلام ، مصدر سابق، ص١٣٢.

## تەوەرەی یەکەم

## جیاوازی لە نێوان فەرمانەکان لەسەر کۆنوس وە قضاء موضوع وە قضاء مستعجل

هەڵبەتە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان قضاو موچوع وە فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان هەرچەندە خالی هاوبەشی زۆر هەیە لە نێوان فەرمانەکان لەسەر کۆنوس قضاء مستعجل یاخود دادگای بەپەلە بەلام جیاوازی زۆریش هەیە بۆیە ئەم تەوەرە دابەش دەکەین سەر دوولق بەم شێوەی خوارەوە .

## لقی یەکەم

## جیاوازی لە نێوان فەرمانەکانی سەر کۆنوس وە قضاء موضوع

لە بریارەکانی سەر کۆنوس رووبە رو بوونە نیە لە نێوان لایەنەکان بە پێچەوانەوە لە دادگای ئاسای دا هەردوو لایەنی داواکە بۆ یان هەیە رووبەروی یەکتر ببنەوە هەرلایەنەو پالپشتی و بەرگری لە خۆی دەکات لە کێشەکە [1]

لە دادگای فەرمانەکانی سەر کۆنوس بڕیار دەردەچێت لەسەر کێشیەکی کاتی و بە پەلە کە پەیوەندی بە مافی رەسەنەوە نیە ،بەلام لە دادگای ئاسای کاتێك بڕیار دەردەچێت کۆتای بە کێشەکە دێنێت پەیوەست بە مافە رەسەن لە کێشەکە واتا بابەتی داوایە کە [2]

لە روی بەڵگەوە ، کاتێك بڕیارێك لە دادگای ئاسای دەردەچێت و پلەی بنبڕ وەر دەگرێت دەبێتە بەڵگە بە دەست ئەو لایەنی کە لە بەرژەوەندی دەرچووە ، بۆیە بە هەمان هۆکار بۆ هەمان مەبەست ، بەلآم بەپێچەوانەوە لە قەزای ولائی کاتێك بریارێك دەردەچێت لە بەرژەوەندی لایەنێك ئەو بڕیارە نابێتە بەڵگە

(1) د.اياد عبدالجبار ملوكى،مصدر سابق،ص١٧٦ .
(2) د.اياد عبدالجبار ملوكى،مصدر سابق ،ص١٧٦.

بۆ داوای ڕەسەن بەڵگە کاتیە[1] لە فەرمانـەکانی سـەر عـەریزە دادوەر ڕۆڵـی ئـەرێنی هەیـە و دەسـەلاتێکی خەملانـدنی فراوانـی هەیـە یەکسـانە لـە رووی گونجانـدنی دەرچـوونی فەرمانەکـە بێـت یـان لـە رووی هەلسەنگاندنی راست و دروستی فەرمانەکە لە کاتی رەخنە لێگرتنی و رۆڵ و دەسەلاتی دادوەر لەو بوارە لە هەر رۆلێکی تری کاری دادوەری زیاتر وە لە دادگای دەسەلاتی بە پێی یاسا دروسـت نییـە کەسـی سـێیەم وەکو هاتنە پاڵ لایەنێك یان وەکو لایەنێکی سەربەخۆ بهێتە ناو داواکـە وە هـەروەها دەسـەلاتی دادوەر لـە مەسەلەیە کۆتایی ناهێت کەوا فەرمانی سەر عەریزەی تیادا دەرکردووە کەواتە دەتوانێت پاشگەز بێتـەوە لـێ یان هەمواری بکات ئەگەر ئەو بارودۆخانە گۆران کەوا بریارەکەیان دەرچووە وە بە شـێوەیەکی گشـتی ئـەو فەرمانانەی کەوا دادوەر لە دادگای دەسەلاتی دەریان دەکات بە هەمان رێگاکـانی تانـەدان لـە حوکمـەکان تانەیان لێنادرێت وە دەرکردنی ئەو فەرمانانە رێکارەکانی بینینی داوا و دەرکردنی حوکمەکان رەچاو ناکرێن وەکو بنەمای ئازادی بەرگریکردن و ئاشکرایی دانیشتنەکان و رووبە روو کردنەوەی لایەنەکان ، بەلام تەنها پێویستە هۆکاری دەرکردنی ئەو فەرمانە دیاری بکرێت .[2]

## لقی دووەم

## جیاوازی نێوان (قەزای ولائی )و دادگای بە پەلە (قەزای مستعجل )

لەبنەرەتدا لێك چونێکی زۆر هەیە لە نێوان قەزای ولائی و قەزای بە پەلە (مستعجل )لە رووی ئەوەی کە هەردووکیان قەزای رەسەن نین ، و لە زۆر خاڵدا یەك دەگرنەوە وەك ئەوە ی هەردوکیان روکنی پەلەیان تێدایە و کورتی مادە و جێ بە جێ کردنی بە پەلە بەلاّم ئەوە ئەمە ناگەیەنێ کە جیاوازی نەبێت لە نێوا نیاندا

(1) د.عماد حسن سلمان ،مصدر سابق ،ص٣١٣ .
(2)د. ادەم وەهیب نەداو، مصدر سابق ، ص٣٧٨.

بۆیە جیاوازیەکان لە چەند خاڵێك کۆ دەکەینەوە .لە روی ڕێکارییەوە بە دەستهێنانی بڕیارێك لە فەرمانەکانی سەر کۆنوس چەند رێچکیە یەکی تایبەتمەندی هەیە وەك ئامادەبون و ئامادە نەبونی رکابەر بۆ دادبینی ، و بڕیاردان لەسەر کۆنوس بە پێچەوانەوە بۆ بە دەست هێنانی بڕیارێك یاخود حوکمێك لە قەزای بە پەلە پێویست دەکات لە ڕێگای بەرز کردنەوەی دادگابێت و ڕێچکەی ئامادەبونی و ئامادەنەبونی و پێراگەیاندن بگرێتە بەر و ئازادی بەرگری کردن فەراهەم بکرێت بۆ لایەنی داوایەکە لە ووتەکان و بەرگری کردن بە گوێرە ی یاسا ی دوای ئەوەی هەموو رێکارەکان تەواو دەکرێن دادگا بریار دەدات بە کۆتای هاتنی دادبینی ورۆژێك دیاری دەکات بۆ بریاردان .لە رووی تانە لێدان بڕیارەکانی قەزای بە پەلە پێداچونەوەی لەسەر دەکرێت لە رێگەی دادگای پێداچونەوە (تمیز)بە گوێرە ماددە (٢١٦) لە یاسا دادبینی شارستانی . بەلآم ئەم بڕیارانەی لە دادگەری فەرمانەکانی سەر کۆنوس دەردەچن ناکرێت ڕاستەو خۆ تانەی لێبدرێت بە ڕێگای دادگای پێداچونەوە بەڵکو دەبێت سەرەتا (تظلم) بکرێت ئینجا پێداچونەوەی سەر بکرێت لە دادگای تێهەلچونەوە یە بە سیفەتی تمیزی [1] بریارەکانی گلدانەوەی یەدەگی بە بریاری وەلائی هەژمار دەکرێن لەبەر ئەوەی دەقی یاسای ماددە (٢٣١)یاسای دادبینی شارستانی هاتووە وشەی (الامر)ئەمەش بەڵگەیە کەوا گلدانەوەی یەدەگی بە بریاری وەلائی هەژمار دەکرێت هەرچەندە بەشێك لە بریارەکانی دادگای پێداچوونەوەی عێراق فیدرالی لەگەل ئەوە دان کە دەکرێت تانە دان لە رێگەی پێداچوونەوەی لە بریارەکانی گلدانەوەی یەدەگی بکرێت بە شێوەیەکی راستەو خۆ بە بێ ئەوەی ستەم بینین بکرێت بەڵام ئێمە لەگەل ئەم بۆ چوونە نین لەبەر ئەوەی سەلمێنراوە بە پیێ دەقە یاسای ئاماژەپێکراو کە ئەم جۆرە بریارانە بە بریاری وەلائی هەژمار دەکرێت [2]

## تەوەرە ی دووەم

## رێکارەکانی دەرچواندنی فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان و چۆنیەتی تانە لێدان

(1) د، عماد حسن سلمان ،مصدرسابق، ص٣١٥ .

(2) صادق حيدر ، مصدر سابق،ص٣٨٨ .

وەك لە سەرەتای توێژینەوەکە باسمان کرد ئەو بریارانە دادوەر به شێوەی فەرمانەکانی سەرکۆنوس یان (عریضة)دەری دەکات بریاری کاتین بە روبەر بونەوەی رکابەر ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی مافەکانە لە ترسی لە ناو چونیان بۆیە لەم تەوەرە باسی دوو رێکار دەکەین کە رێکاری چۆنیەتی دەرچواندنی بریاردان لە فەرمانەکانی سەر کاغەز یاخود (عریضة)وە شێوازی تانە لێدان لە فەرمانەکانی بۆیە ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ دوولق:

لقی یەکەم /رێکارەکانی دەرچواندنی فەرمانەکانی سەرداواکاریەکان .

لقی دووەم / تانە لێدان لە فەرمانەکانی سەر داواکاریەکان .

## لقی یەکەم

## رێکارەکانی دەرچواندنی فەرمانەکانی سەر کۆنوس

ئەو کەسەی بە گوێرە ی یاسا مافی ئەوەی هەبێت فەرمانی دادگا بە دەست بهێنیت سەبارەت بە ئەنجامدانی رەفتارێکی دیاری کراو بۆی هەیە لە حالەتی بە پەلە داوایەك بە عەریزە یەك پێشکەشی دادوەری تایبەتمەند بکات و تیایدا داوا لە دادگای تایبەتمەند بکات کە وا ئەو فەرمانەی بۆ دەر بکات و ئەو عریزەیە بە دوو وێنە پێش کەش دەکرێت و بابەتەو بەڵگەنامەکانی داواکاری لە خۆ دەگرێت و بەڵگەنامەکانی پاڵپشت بۆ داوا کاریەکەی هاوپێچ دەکات )[1] لێرەدا بۆمان بە دیار دەکەوێت کە ئەو کەسەی داواکاری پێشکەش بە دادوەر دەکات یاسا چەند مەرجێکی بۆ داناوە وەك دەبێ ئەو کەسە رێگە پێدراو بێت لە لایەن یاساوە واتە پەیوەندی هەبێت بە بابەتەکە کە داوای دەکات فەرمانی بۆ دەربچێت لەسەر کۆنوس وە دەبێت داواکاریەکەی بە عریزە بێت نەوەك بە زارەکی وە هەروەها دەبێت بە دوو وێنە داواکاریەکەی پێشکەش بکات لەگەل هەر بەڵگە نایەك و پاڵپشتیەك بۆ داواکاریەکەی . وە لەو حالەتە دا دادوەر بۆی هەیە یە

(1) مادده ١٥١ قانون المرافعات المدنيه.

داواكاريەكە ی قبوڵ بكات یاخود ڕەتی بكاتەوە لە ڕۆژی دوای داواكاريەكە هەردوو وێنەی ڕەسەن لە لای دادگا پارێزراو دەبێت و وێنە دووەم دەدرێتەوە بە خاوەن داواكاری .

داواكاريەكە دەبێت بەرژەوەندی داواكاری تێدا بێت وەك ئەوەی مادە (٦) لە یاسا دادبینی شارستانی مەرج داری كردووە پالپشت بە دەقێك یاسای بۆ نمونە وەك لە مادده كانی (٢٣١) و (٣٠٠)و(٣٠٢ ) لە یاسا دادبینی شارستانی كە حالەتی پەلە كردنی تێدا بەر جەستە دەبێت 1 .

## لقی دووەم

## تانە لێدان لە بڕیارەكانی سەر كۆنوس

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێكرد دوای ئەوەی دادگا داواكاريەكەی پێشكەش بە داواكار دەكات بە شێوەی عریزە بە مەبەستی بە دیهێنانی وەرگرتنی فەرمانێك لەسەر كۆنوس ، دادوەری تایبەتمەند فەرمان دەردەكات لەسەر كۆنوس كە لە ماوەی یەك ڕۆژ دا جا فەرمانەكە چ بە ڕازی بون بێت یاخود نا ڕازی سەبارەت بە داواكاريەكە .مادده (١٥٣) لە یاسا دادبینیەكاندا ڕێگاكانی تانە لێدانی لە فەرمانەكانی سەر كۆنوس دیاری كردوە لە بڕگەی یەكەم ی ئەم ماددەیە داهاتووە ئەو كەسەی فەرمانەكەی لە دژی دەرچووە و داواكار لە كاتی ڕەتكردنەوەی داواكارییەكەی بۆی هەیە لە ماوای سێ ڕۆژ لە ڕێكەوتی دەرچوونی فەرمانەكە یا لە ڕێكەوتی پێراگەیاندنی لایەنەكان تانە لێدان بەرزبكاتەوە بۆ بەردەم ئەو دادگایە كە فەرمانەكەی دەركردوە و داوابكات بە ڕێگەی بە پەلە لایەنی بەرامبەر لە بەردەم دادگا ئامادە بێت . لە بڕگەی دووم لەم مادە دا هاتووە دەكرێت تانە لێدان بە تظلم بەرز بكرێتەوە بە پێ داواكار بنەرەتی ، جا داوایەكە لە هەر حالەتێك دا بێت هەرچەندە لە كاتی دانیشتنی دادبینیش بێت [2] لەو حالەتە دا ئەگەر بڕیاری دادوەر یاخود فەرمانەكەی لە بەرژەوەندی داواكارە كە یاخود ركابەرەكەی واتا كەسی بەرامبەر نەبوو ئەوە بۆ هەردوولا هەیە تانە لە فەرمانەكە بدەن بە ڕێگای (تظلم) ئەوەش تاوەكو (٣) ڕۆژ مۆلەتیان هەیە لە دوای

---

(1) د. عماد حسن سلمان، مصدر سابق. ص٣١٩.
(2) مادده١٥٣.

دەرچونیان فەرمانەکە یاخود (٣)رۆژ دوای ئاگاداربونیان یاخود پێراگەیاندنیان لە فەرمانەکە. تانە لێدان بە رێگەی(تظلم) بەرامبەر هەمان دادگا دەبێت کە فەرمانەکەی لی دەرچووە یاخود دەکرێت تانە لێدانەکە بە پیێ داوای بنەرەتی بەرز بکرێتەوە واتە تظلمەکە بەرزبکرێتەوە بە پیێ داوای رەسەن جا داوایەکە لە چ قۆناغێک بێت گەر لە حالەتی دانیشتن بەرێوە چوونی دادبینیش بێت واتا ئەگەر تانە لێدانەکە پێشکەشی بە هەمان دادگا کرا دادگا بە شێوای دادگای بە پەلە هەردوو لایەن ئامادە دەکات هاوشێوەی دادگای ئاسای وە گویێ یان لیێ دەگرێت وە لایەنەکان بەڵگەکانیان پێشکەش بە دادگا دەکەن وە دادگا وردبینی و لێکۆلینەوەی لیێ دەکات بە پەلە و بریاری خۆی دەدات جا بە پەسەند کردنی فەرمانەکە یاخود رەتکردنەوەی یاخود هەموارکردنەوەی ئەم بریارە ش شایەنی پێداچونەوەیە لە ماوەی(٧)رۆژ دای پێراگەیاندن بە گوێرەی حالەتەکە پالپشت بە مادده (٢١٦)لە یاسا دادبینی شارستانی ئەگەر بڕیاری فەرمانەکە لە دادگای باری کەسی یاخود دادگای تێهەڵچوونەوە یاخود دادگای موادی شخصی یاخود دادگای کار دەرچوو ئەوە ڕاستەوخۆ لە دادگای پێداچوونەوە تەمیز دەکرێتەوە و ئەگەر هاتوو فەرمانی وەلائی یەکە لە دادگای بەرای دەرچووبوو ئەوە دادگای تێهەلچوونەوە بە سیفەتی تەمیزی دەیبینێت .ئەوەی لە برگەی سیێ ی مادده (١٥٣)ی یاسای دادبینی شارستانی داهاتوو بڕیارەکانی سەر کۆنوس سەرەتا پێداچونەوەی لەسەر ناکرێت ئەگەر بە قۆناغی (تظلم) دا نەڕوات لەبەر ئەوەی ئەم دەقە ئاماژە بەوە دەکات ئەو بڕیارانەی دەردەچن لە دادگا لە ئەنجامی (تظلم)ئەوانەی شایەنی پێداچونەوەن نەوەك خودی فەرمانەکانی سەر کۆنوس ئەم تانە لێدانە کاتێك جیێ بە جیێ دە کرێت کاتێك لایەنە کەی تر ئامادە نابێت لە دادگا کە دەبێتە هۆی ئەوە لا یەنی پەیوەندی دار هیچ مافێکی بە دەست نەهێنێت کاتێك دادگا بریارێك دەردەکات بۆ لا یە نی یەکەم لایەنی دووم زەرەرمەند دەبێت لە بریاری دادگا بۆیە زۆر کات لایەنی ئامادە نەبوو داواکاری پێشکەش بە دادگا دەکات داوا دەکات بە شێوەکی کاتی رێکاری دادگا دوا بخرێت ، تاوە کو ئامادە دەبێت .وە هەندێك جار دادگا پیێ وەرناگرێت بۆیە لە یاسا دا هاتوو ئەگەر لایانی پەیوەندار داواکاریەکا پێشکەش نە کات لە ماوە (٣٠) رۆژدا لە کاتی دەرچوون بریار ئەوا مافی تانە لێدانی نامێنێت . هەروەکو لە مادده (٣٦٧)لە یاسا دادبینی شارستانی دا هاتووە بەلام یاسادانەری عێراقی لە یاسا دادبینی شارستانیدا هاتووە دەلێت دەتوانرێت

**داواکە دواخرێت ئەگەر لایەنەکان لەسەر دواکەوتنی ڕێکەوتن .بەلام ئەگەر ماوە ی (١٠)ڕۆژ بەسەر کۆنوسی داوا تێپەڕێت لایەنەکان نەگەرانەوە پێش داواکە ئەوا دادگا داواکە (ابطال) دەکات1.**

## کۆتایی

**دوای کۆتایی هێنان بەو توێژینەوەیە گەیشتین بەو ئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:**

**یەکەم: ئەنجامەکان:**

**1- فەرمانەکانی سەر کۆنووس جیاوازن لە دادگای ئاسایی و دادگای بە پەلە ئەگەرچی یەك دەگرنەوە لە هەندێ تایبەتمەندی و هەروەها یاسادانەری عێراقی پێناسەی فەرمانەکانی کۆنووسی نەکردووە.**

(1) المدرس المساعد احسان رحيم عيد،الباحث اثير ناظم حسن،جامعه كربلاء،كليه القانون،وقف تنفيذ اوامر القاضي الاداري على العرائض في القانون العراقي (دراسەمقارنه)،مجله رساله الحقوق،السنه الثانيه عشره العدد الثالث٢٠٢٠،ص٥٢٨

2- فەرمانەکانی سەر کۆنووس لە چەندەها دەقی یاسایی جیاواز هەن وەك یاسای شارستانی و یاسای چاودێری ناکامەکان و یاسای بازرگانی و یاسای باری کەسی و چەندەها یاسای تر.

3- ڕێککاری دەرچوونی ئەو جۆرە بڕیارانە بەوە دەناسرێنەوە کە ئاسان و خێران لە دەرچوواندنیان و تێچوویان کەمە.

4- بۆ لایەنێك هەیە تانە لەو جۆرە بڕیارانە بدات لە ڕاست و دروستی و پێچەوانەکەی دەبێ سەرەتا ڕێگای تانەلێدان بە (تظلم) بگرێتەبەر دوایی تانە لە ئەنجامەکەی بدات واتە ئەنجامی (تظلم) وەکەی بگرێتەبەر دوایی تانە لە ئەنجامەکەی بدات واتە ئەنجامی (تظلم) وەکە بە ڕێگای پێداچوونەوە ئەگەر تانەلێدانەکەی سەرەتایی لە بەرژەوەندی نەبوو ئەوەش بەگوێرەی دەقی مادە (216) لە یاسای دادبینییە شارستانیەکان.

**دووەم: ڕاسپاردەکان:**

پێشنیار دەکەین بۆ دادگای پێداچوونەوە بڕیارەکانی یەکبخات سەبارەت بە گلدانەوەی یەدەگی (الحجز الاحتیاطي) و ئەو بڕیارانە بە زنجیرەیەك وەکو لە بڕیارەکانی وەلائیدا بڕوات لەلایەنی تانەلێدانەوە یانی سەرەتا تانەلێدان لە بڕیارەکانی گلدانەوەی یەدەگی بە (تظلم) بێت بەرامبەر ئەو شوێنەی بڕیارەکەی لێدەرچووە دوای تانەلێدان لە ئەنجامی (تظلم) وەکە ئەگەر ڕازی نەبوو بە ئەنجامەکەی وەك لە دەقی مادە 231 و 232 لە یاسای دادبینیە شارستانیەکاندا ئاشکرایە بڕیارەکانی گلدانەوەی یەدەگی لە بڕیاری وەلائین بۆیە ئەوەی

لەسەر بڕیاری وەلائی پەیڕەو دەکرێ لەسەر بڕیاری گلّدانەوەی یەدەگیش پەیڕەو بکرێت لە ڕووی تانەلێدانەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبەکان :**

1- د.ادەم وەهیب نەداوی، قانون مرافعات المدنية ، الطبعةالاولى،٢٠٢١ز.١٤٤٢،اربيل.

2- د.اياد عبد الجبارى ملوكى ، قانون المرافعات المدنيه، المكتبه القانون بغداد.

3- د.عصمت عبد المجيد بكر، اصول المرافعات المدنيه، منشورات جامعه جيهان الاهليه، اربيل ،الطبعة الاولي ، ٢٠١٣.

4- د.عماد حسن سلمان،شرح قانون المرافعات المدنيه ، مكتبه السنهوری، بيروت،٢٠١٩.

5- عبدالرحمن العلام ، شرح قانون المرافعات المدنيه. الجزءالثالث ، الطبعة الثانية، ٢٠٠٩.

6- القاضي صادق حيدر، شرح قانون المرافعات المدنيه، مكتبهسنهوری، .بيروت٢٠١٧.

7- القاضي مدحت المحمود ، شرح قانون المرافعات المدنيه، الطبعة الرابعة،٢٠١١،المكتبهالقانونيه، بغداد.شارع المتنبي .

8- لفته هامل عجيلی ، دراسات فی قانون المرافعات المدنيه ، مكتبهسنهوری،٢٠١٨.

**دووەم: توێژینەوە زانستیەکان:**

1- المدرس المساعد احسان رحيم عيد،الباحث اثير ناظم حسن،جامعة كربلاء،كلية القانون،وقف تنفيذ اوامر القاضي الاداري علي العرائض في القانون العراقي (دراسةمقارنة)،مجلة رسالة الحقوق،السنة الثانية عشرة العدد الثالث٢٠٢٠ .

2- د.شعبان عبدالحكيم عبدالعليم سلامة ، سلطة القاظي الاداري في اصدار الاوامر علي عرائض، بحث منشورفي مجلة كلية الشريعية القانون بتفهمنا الاشراف،دقهلية،المجلد٢٢،العدد٤.

**سێیەم: یاساکان :**

1- یاسای دادبینی شارستانی ، ژمارە٨٣ سالی ١٩٦٩ هەموارکراو .

2- یاسای شارستانی العراقی ژمارە ٤٠ سالی ١٩٥١ هەموار کراو .

3- یاسای باری کەسی ، ژمارە١٨٨،سالی ١٩٥٩هەموارکراو.

4- یاسای چاودێری ناکامەکان ، ژمارە٧٨ سالی ١٩٨٠هەموارکراو.

5- یاسای بازرگانی ، ژماره٣٠سالی ١٩٨٤هەموارکراو